

# *Contra Bassoon*

ووشه ی(Contra Bassoon) ناوی یەکێکە لە ئنسترومێنتە موزیکییە فوییە دارەکان ، ئەم ئنسترومێنتە موزیکییە زیاتر لە زمانی ئنگلیزیدا بەم ناوە ناسراوە ،هەمان ئنسترومێنت لە زمانی ئیتاڵیدا بە(Contra Fagotto) ناودەبرێت. دیارە ئنسترومێنتی ( کۆنترا باسۆن ) یەکێکە لەجۆرەکانی ئنسترومێنتی ( باسۆن ) بەڵام قەبارەیاکی گەورەتری هەیە ، بەرادەیەک کە بۆرییەکانی ( کۆنترا باسۆن ) چەماونەتەوە ،وەک لە وێنەکەدا دیارە وە جێگەی فووپیاکردنەکەی دەکەوێتە بەشی سەرەوەی ئنسترومێنتەکە وە ئەم ئنسترومێنتەش هەر لە ( داروکانزا یا نیکل ) درووست دەکرێت وە لە رێگەی دانان و گواستنەوەی پەنجەکان لەسەر کونەکانی ئنسترو مێنتەکە دەنگەکان درووست دەبن،دیارە بەهۆی تەوژمی ئەو هەوایەشە وە کە لەرێی فوپیاکردنەوە دەچێتە ناو بۆرییە دارەکانی ئنسترومینتەکە وە جۆری دەنگەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت . ئنسترومێنتی موزیکی ( کۆنتراباسۆن ) دەنگەکانی یەک ئۆکتاڤ یا هەشت پلەی دەنگیی گڕترە لە ئنسترومێنتی ( باسۆن)،وە لە نۆتاندندا بۆ (کۆنتراباسۆن ) بەگشتی کلیلی موزیکیی(باس، فا ) بەکاردێت ، وە مەودای دەنگیی ئەم ئنسترو مێنتە دەگاتە نزیکەی دوو ئۆکتاڤ و چەند دەنگێک یا نزیکەی نۆزدە دەنگی موزیکیی کە ئەمەش زیاتر لە نمو نەی نۆ تەکەدا دەردەکەوێت .

Muzic-Chrakan
2005